# ئێمە بارتەقای چەندەین و چیمان لە هەگبەدایە؟

**سالار بابەشێخ**

لەم بارودۆخەدا کە دەسەڵاتی کوردی و حکومەتی کوردستان زیاتر لە هەر سەردەمێك کەوتۆتە بەر پیلانی پیلاندووانی دەوروبەر و داگیرکەرانی کوردستان بە بیانووی جۆراوجۆرەوە پیلانی لە دژ دەگێڕن، تاوانێکی زەقە ئەگەر مەودای نێوان دەسەڵات و خەڵکی کوردستان بە قەستی بەرین بکرێت، چونکە نەیاران هەر لەم کون قوژبنانەوەیە کە دێنە ژووریٚ و هەڕەشە لە چارەنووسی نەتەویی سەرلەبەری کورد دەکەن و رۆژانی وەکو (1)ی شوبات دەخولقێنن.

ئەم قۆناغە قۆناغی چەسپاندنی پرێنسیپە نەتەوەییەکان و نرخ دانان بۆ دیموکراسی و یاسامەندی و یاساسەروەرییە، ئەم چاخە چاخی کەمکردنەوەی ململانێی ناوخۆیی و نەهێشتنی ناکۆکی ناوخۆییە. ئەرکی سەرشانی دڵسۆزانی کورد و کوردستان گرینگی دان بە رەخنەی بونیادنەرانەیە، نەك رەخنەی دووجرتەکی و وێرانکارانە.

کەس ناڵی خامەی رەخنەگر بشکێت و ئازادەئەندیش سەری لە بەرد بدات و بیرمەندی بوێر و دڵسۆزی کورد راپێچی زیندان بکرێت، یان پەیامنێر و رۆژنامەنووسان سووکایەتییان پێبکریٚ، بەڵام ورووژاندنی خەڵك و چاکەش بە خراپە باسکردن و تۆوی نائۆمێدی چاندن، لە دژی دەسەلاتێکی کەم تەمەن و کارکەر، نەك کاری دڵسۆزانە نییە بەڵکو سەرپێی روانینە لە "عەینییەت"ەکان و فەلەجکردنی "زهنییەت"ەکانە و خیانەتە بە ئێستا و داهاتووی چارەنووسی سیاسی نەتەوەی کورد بە گشتی و خافڵبوونە لە راهێنان و داهێنان و پەروەردە و رێکخستن و یەکخستن، خافڵبوونە لە ستراتیژی بە دەوڵەتبوونی کورد و مەیدان دانە بە لاوازکردنی بنەماکانی دروستبوونی دەوڵەتی کوردی.

ناڕازیبوونی خەڵك و نائۆمێدی هاوولاتی لە حکومەت رێژەی بەشداریی چالاکانەی گەل لە شۆڕشی ئاوەدانکردنەوە و پاراستنی دەستکەوتەکان کەم دەکاتەوە، بۆیە جیاوازییەك لە ئەرکی نیشتمانپەروەرانی باشووری وڵات و کەرتەکانی دیکەی کوردستاندا هەیە کە زۆر هەستیارە و پێویستە لە بەرچاو بگیردریٚ.

لە یەکەم ماڵی رزگارکراوی کوردی هەرگیز نەحەساوەدا، حکومەتی کورد خەریکە قەوارە و کیانی خۆی دەستنیشان دەکات، پەرلەمانی کوردستان ئەگەر چی لە لایەن جەماوەر و راگەیاندن و میدیاکانەوە تەوژمێکی رەخنەیی لەسەرە، بەڵام کەم نین ئەو پەرلەمانتارانەی کە بوێرانە خەون و ئاواتی گەلەکەیان دەدرکێنن و بەردەوام لە مینبەری تایبەتی خۆیانەوە باسی خەم و ئازارەکانی گەلی کورد و خاڵە لاوازەکانی سیستەمی ئیدارەی حکومەت دەکەن.

نوێنەر و رێکخەری کاروباری حکومەتی کوردستان لە ( U.N )، بۆ پێشکەشکردنی راپۆرتی ساڵانە لە ناوەندی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانی جیهانەوە سەردەردێنیٚ، لە ئاستی دونیادا سەرۆکی کوردستان لە لایەن گەورەبەرپرسانی دەوڵەتانی ناوداری جیهانەوە بە فەرمی پێشوازی لێدەکرێت و سەردانی دەکەن، سەرۆك کۆماری عێراق لە ئاستی نێو دەوڵەتیدا بەزمانی کوردی دێتە لێدوان و کورد وەك هێزێکی متمانە پێکراو لە ناوچەکەدا بۆ چەسپاندنی ئازادی و دیموکراسی سەیر دەکریٚ و پێگەیەکی دان پێدانراوی هەیە، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا خەریکە کۆمەڵێك لە دەستکەوتەکانی نەتەوەییمان هەڕەشەی دەکەوێتە سەر و دەرفەتەکان بە خەسار دەچن! بۆیە لەم هەلومەرجە دژوارەدا، سەر لەسەر سەرینی بریا و خۆزگە دانان، نەك هەر تاوانە بەڵکو مێژووی دادیٚ و نەوەکانی داهاتووش لەم کەمتەرخەمییە دەپێچنەوە.

لە رۆژانی چارەنووسسازی نەتەوەییماندا، رەخنەی دوو جرتەکی و لاساییکاری و خۆنواندن و زمانشڕی، کۆمەلآنی خەڵکی بە گشتی و نەوەی نوێی بە تایبەتی نائۆمێد کردووە! ئەوانەی "زەڕەیەك خاکی وەتەن" نادەن بە "قەسری قەیسەری" و ئەوانەی بڕوایان بە کوردایەتی ماوە و نەیانبردۆتە مەزاد خانەکانەوە، ویژدانیان هاندەریانە کە بۆ نزیککردنەوەی کۆمەلآنی خەڵکی و دەسەلآتی سیاسی کورد هەوڵ بدەن، چونکە هەر ئەوانەن کە دەزانن مەزنترین مەترسی بۆ شێواندنی دەرفەتەکان و لە باربردنی دەستکەوتەکان، ئاڵۆز کردنی کەشوهەوای سیاسی باشووری کوردستان و ئاژاوە نانەوە لەم هەرێمە رزگار کراوەی کوردستان و بەرفراوانکردنی مەودای نێوان خەڵك و دەسەلآتە.

سەرەڕای کێشمەکێشەکانی بەرتەسکی حزبی و هەڵکشانی سەروەت و سامانی هەندێك لە بەرپرسان و رازاندنەوەی کۆشك و تەلارەکانیان، هێشتا کوردستان فاکتەرێکی گرێنگ و بەرچاوی پێکەوە ژیان و ئاشتی و تەباییە و نموونەیەکی پۆزەتیڤە لە هێمنی و ئاسایشی ناوچەکەدا و ئەوانەی لە دەزگەکانی هەواڵگری و زانیاری و ئاسایش و پۆلیسی کوردستاندا کار دەکەن، کوڕی نیشتمانەکەی خۆیانن و رۆژ وشەویان سەر یەك خستووە و پاراستنی دەستکەوتەکانی نەتەوەیی خۆیان بە ئەستۆ گرتووە. لە تەك ئەمانەشدا کەس ناتوانێ نکۆڵی لەوە بکات کە گەندەڵی ئیداری و فەسادی ماڵی وەك زۆربەی ولآتانی دەوروبەر لە کوردستانیشدا دیاردەیەکی زەق نییە، یان کەس ناتوانێ حاشا لەوە بکات کە سەرکردایەتی سیاسی کورد بە تەواوی یەکدەست نییە و ناکۆکییەکان هێشتا بنبڕ نەبوون و کەس ناتوانێ پەردە بخاتە سەر ئەو راستییە کە قیادەی کورد لە ئاستی کوردستانی گەورەدا لە رێکخستن و یەکخستنی نێو ماڵی کورددا خاوخلیچکن و لە لە پاراستنی تەواوەتی خاکی ولآتانی داگیرکەردا بە پەلە و بە دەستوبردن ! بەلآم لە هەر حاڵێکدا پێویستە گەلی کورد هەوڵی ئەوە بدات کە رێز لەو سەرکردایەتییە سیاسییە بگرێت کە دەستەبەرکردنی مافی چارەی خۆنووسین و بە دەوڵەتبوونی کوردستان بۆی گرێنگ بێت و سەودای لەسەر نەکات، بۆیە پێویستە ئیرادەی میللی لە بڕیارەکانی سەرۆکی کوردستاندا خۆی بنوێنێ، جا ئەو سەرۆکە هەرکەسێك بێت دەبێت ئەرك و مافەکانی دیاری بکرێن.

لەم سەردەمەدا پێویستە بۆ پشتیوانی لە هەر بڕیارێکی سەرکردایەتی سیاسی کوردستان، شەپۆلی جەماوەری شەقامی کوردی بلەرزێنێ، چونکە لەم قۆناغەدا هاوکێشە سیاسییەکانی زلهێزەکان بۆ بونیاتنانی دەوڵەتی کوردی ئانالیز کراون و رای گشتی بەرامبەر بە دۆزی کورد و داهاتووی کوردستان تووشی وەرچەرخان هاتووە. ئەگەرچی هەتا هەنووکە، کورد بە باشی لە دەرفەتەکان کەڵکی وەر نەگرتووە و هێشتا ئەو حکومەتە یەکڕیز و یەکگرتووە کە بەرەو سەربەخۆیی بکەوێتە سەر هەنگاوی خێرا، نەهاتۆتە ئاراوە، بەلآم پێویستە لە جیاتی هەڵپەهەڵپی تێکدەرانەی بە ناو دیموکراسیخوازانە لە دژی ئەم دەسەلآتە کاڵوکرچە، کار بۆ ئەوە بکەین ئەو متمانەیە تاقی بکەینەوە کە مێژووی خوێناویمان بە سەرکردایەتی سیاسی کوردستانی بەخشیوە.

رەخنە لە جیهانی دیالۆگدا بۆ لێکنزیکبوونەوە و راستکردنەوەی چەوتییەکانە، نەك سەنگەرێك بۆ هێرش بردن و مەتەرێزێك بۆ پێکانی ئامانجە مادییەکان.

رەخنە هەناسەی ژیانی کۆمەلآیەتییەو خۆپیشاندان و مانگرتنیش دەچێتە خانەی رەخنەوە، بەلآم لەم بارودۆخەدا نائۆمێد کردنی هاوولآتی و راپەڕاندنی گەنجان لە دژی دەسەلآتی کەم تەمەن و کەم ئەزموونی کورد، کاڵکردنەوەی رەوتی خۆوشیاری و نەزۆککردنی گەشەی کۆمەڵگەی کوردییە. بێگومان دروستکردنی بەرەی ئۆپۆزیسیۆن لە دژی ئەم دەسەلآتە هیچ پاساوێك هەڵناگرێ و بە دڵنیاییەوە کارێکی ناڕەوایە، چونکە نەیاران و ناحەزان بە فیتی پیلاندوورانی دژە کورد، بۆسەی خۆیان بۆ تێکدان و ئاژاوە نانەوەو گۆڕینی رۆخساری

**دیموکراسی لە باشووری کوردستاندا تەنیوە، بۆیە زەروورەتێکی مێژوییە کە رەخنەگری کورد دەنگی خۆی بخاتە پاڵ دەنگی دڵسۆزانی ئەم نیشتمانە و ئەم بارودۆخ و دەرفەتە زێڕینەی بو کورد رەخساوە لە باری نەبات، ئەمەش بەو مانایە نییە کە رۆشنبیری کورد لە ئاراستە کردنی رەخنە و پێشنیارەکانی بەرامبەر بە دەسەلات پاشەکشە بکات، یان ئەگەر هێماکانی نەتەوەیی کورد و ئالا و سروودی نەتەوەیی و رێزمانەکەیان سەقەت کرد بێدەنگی لێبکات، یان هەموو دابونەریتێکی سواو و پەك کەوتوو قبووڵ بکات، بەڵکو دەکرێ لە شوێنی خۆیدا بوێرانە بە چاوی تاوانبارانیدا رۆچیێ و تێبکۆشێ دەسەلاتی ژۆرنالیستی و ئازادی رادەربڕین بەهێز و بەرینتر بکرێت.**

**دەکرێت لە جیاتی کۆبوونەوە لە نێو مزگەوتە شاراوەکاندا، لە رێگەی دیالۆگ و نووسینەوە، دەسەلات هان بدرێت کە فەسادی ئیداری و ماڵی بنبڕ بکرێت و چیدی گەندەڵکاران وەك چەقڵ، ئازاری چاوی هاووڵاتیان نەدەن، لەگەڵ هەموو کەموکورتییەکانی حکومەتیشدا، ئەز پێموایە تاکی کورد بەگشتی بەرامبەر بە دواکەوتوویی وڵاتەکەیان سووچبارن و ئەمەش تەنها بەرۆکی حکومەت ناگرێت.**

**بێگومان کەموکوڕییەکان کەم نین و بە دڵنیاییەوە دەسەلات و هاووڵاتی پێکەوە بازنەی دواکەوتنەکانیان گرێ داوە و دەکرێت ئاماژە بەوە بکەین کە وڵاتانی رۆژهەلاتی ناوەڕاست زۆربەیان هەتا سەر ئێسقان دواکەوتوون و گەلی کوردیش لەم ماڵوێرانی و دواکەوتنە بێوەی نییە، ئێمەی کوردیش بە زەقی دواکەوتووین، حکومەتەکەشمان لەو خەڵکە دواکەوتووە پێکهاتووە، لەوانەیە حکومەت هەندێك باری "عیلمانی" و "عەلمانی" بگرێتەبەر، بەلام ئێمەی کورد بەپەلە بەرپەرچی ئەو نەرمە هەنگاوەش دەدەینەوە، ئێمە هەڵگری دروشمی سەقامگیر کردنی ئازادی و دیموکراسین و ئەوەی لێی نازانین کاکڵ و توێکڵی دیموکراسی و ئازادییە.**

**ئەم نووسینە ماستاو کردن بۆ بەرپرسانی کورسی پەرست نییە و تەنها داکۆکی کردن لە دۆزی رەوای کوردە و بانگەوازێکە بۆ کەمکردنەوەی مەودای نێوان دەسەلات و هەموو دانیشتووانی کوردستان. مەبەست تەنها ئەوەیە نەزانکاریی رۆشنبیرانی ناوشیاری کورد، دەستکەوتەکانی ئەم گەلە خۆشی نەدیوە وەك مۆمی نوشتە نەتوێنێتەوە و لە جیاتی هەڵپەی دەسەلات، خەمێك لە یاسامەندی و گەشەی کەسایەتی تاکی کورد بخورێت و هەموو دواکەوتنەکانی ئەم کۆمەڵگەیە بە حکومەتەکەیەوە گرێ نەدرێ و جارێکیش بە خۆمان بڵێین ئێمە بارتەقای چەندەین و چیمان لە هەگبەدایە و ئەو پرسیارە ئاراستەی خۆمان بکەین کە هەتا ئێستا چیمان بۆ گەشەی کۆمەڵگەی کوردی کردووە؟**

**زستان هات و ئەم وەرزە، وەرزی حەشاردانی (T.N.T) لە ژێر پاڵتۆ و "قەمسەڵە"ی تیرۆریستانی زگڕەش و تاریکدڵی دژی کورد و کوردستانە، ئەو هەڵخەڵەتاوانەی کە بەهەشتیان کڕیوە و حۆرییەکانی "مینا"یان پێ فرۆشراوە، لەو کەڵینەوە دێنە ژووری کە بێزاری خەڵك لە حکومەتی خۆماڵی دروستی دەکات , بۆیە پێویستە بە حکومەت و هاووڵاتییەوە دیوارەکانی نێوانمان بڕووخێنین و بەرامبەر بە دەرفەتەکان و لە کیس چوونیان زۆر وریا بین.**